# خەباتی شار و شارۆمەندی بەرپرس

**ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**



**ئاماژە**

که وایه شارۆمەندی بەرپرسی گوتارتەوەر بەو مانایە کە ئەوەی کۆی جووڵەی
شارۆمەندی بەرپرس وەک ئەکتەری نێو خەباتی شار دیاری دەکات،
گوتارەکەیەتی! خۆی لە خۆیدا شارۆمەندی بەرپرس
هیچ هەنگاویک نانێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی
گوتارەکەی هاودژ بێت.

ناسینی ئەو پرسەی کە «دۆزی کوردی» پێدەگوترێ، گرینگترین هەنگاوە بۆ ئەوەی چۆنێتی چارەسەری و بەرەڕووبونەوە لەگەڵ بەربەست و دوژمنی ئەو دۆزە دیاری بکرێت.

لە قۆناغی ئێستادا کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پێنج مافی خۆی بێبەش کراوە، مافی سیاسی، مافی کۆمەڵایەتی، مافی ئابووری، مافی تەناهی و مافی فەرهەنگی.

هاوکات کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەکی تۆتالیتر دا دەژی کە لانیکەمی پێنج جۆرە توندوتیژی لە دژی دەکرێت: توندوتیژی بە پێی دەستوور، توندوتیژی دادوەری، توندوتیژی ئابووری، توندوتیژی نیزامی ـ سیاسی و توندوتیژی فەرهەنگی.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ لەسەر ئەو بنەمایە کە تەوەری بێ مافی و توندوتیژی بۆ دۆزی کورد دیاری کرا، چۆن دەکرێت خوێندنەوەیەکمان بۆ خەباتی شار هەبێت؟

بە بڕاوی من خەباتی شار لە سێ ڕەهەندەوە دەکرێت سەیر بکەین، یەکەم: ڕەهەندی جوغرافیا دووهەم: ڕەهەندی شێواز سێهەم: ڕەهەندی ڕێکخستن

لە ڕووی جوغرافیاییەوە خەباتی شار ئەو خەباتەیە کە لە جوغرافیای شار وەک ناوەندەی جەماوەری بەڕێوەدەچێت.

لە ڕەهەندی شێوازدا دەکرێت بڵێین خەباتێکی ناتوندوتیژتەوەرە، بەو مانایە کە خەباتی شار ناچێتە چوارچێوەی خەباتی چەکدارییەوە و ئەگەر لە جوغرافیای شاردا چالاکییەکی چەکداری بکرێت، ئەوە هەمان خەباتی شاخە کە بۆ گۆڕەپانی شارەکان درێژکراوەتەوە.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە خەباتی شار لە ڕاستییدا بە تەواوەتی خەباتێکی ڕێکخراوە تەوەر نییە، بەڵکوو زۆرتر گوتارتەوەرە بەو مانایە کە لە دەوری گوتارێکی[1] تایبەت بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی ڕێک دەخات؛ ڕوونە گوتارەکە لە چوارچێوەی ماف_سەرکوت دیاری دەکرێت، بەو مانایە بەپێی مافە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەی کورد و بۆ بەرەڕووبونەوە لەگەڵ سەرکوتە جۆراوجۆرەکان، گوتارێکی ئۆرگانیک دیاری دەکرێت و تاکەکان لە دەوری کۆدەبنەوە.

تایبەتمەندی ڕێکخستنیی ئەوەیە کە هەموو تاکێک لە چوارچێوەی ئەو خەباتەدا دەتوانێ خۆی ببینێتەوە؛ واتە تاک لە خەباتی شاردا کوردێکی نیشتمان پەروەر وشارۆمەندێکی بەرپرسە.

خەباتی شار لە ڕەهەندی ئامانجیشەوە گرینگی خۆی هەیە. لە ڕاستیدا خەباتی شار سەرەڕای ئامانجە هاوبەشەکەی لەگەڵ خەباتی شاخ ، دوو ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە:

**یەکەم:**
گرێدانەوەی خەبات لە بەستێنی مێژوودا. دەبینین کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا خەباتی شاخ هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە دیوە و نسکۆ و سەرکەوتنی بووە، خەباتی شار یەکێک لە کارکردەکانی ئەوەیە کۆی ئەو چالاکییە قۆناغ بە قۆناغەی شاخ، پێکەوە گرێ دەدات.

دووهەم: پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو خەباتی شاخ ،بۆ وینە بە هۆی تایبەتمەندی خەباتی شاخ، ناکرێت بڵێین خەباتی شاخ لە ڕووی هەنگاو بۆ بەرخۆدانی فەرهەنگی پێشەنگە، ئەوە لە کاتێدایە کە خەباتی شار لە بواری بەرخۆدانی فەرهەنگی نە تەنیا پێشەنگی خەباتی کوردستانە، بەڵکوو گەشەپێدەری فەرهەنگی کوردستانیش بووە.

بە هۆی توتالیتاریسمی کۆماری ئیسلامی خەباتی شار لە ڕەهەندی بەرخۆیدانیشەوە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. بنەمای دەسەڵاتداری تۆتالیتری ئیسلامی لەسەر دوو

١. لە تەواوی ئەو دەقەدا گوتار بەمانای ویژمان بەکار دێت.

تەوەری زمانی فارسی_وەلی موتڵەقی فەقێ دامەزراوە، ئەو دوو تەوەرە بەرانبەر بە مافی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیهان‌بینی خۆیان هەیە و لە جیهان‌بینی ئەوان دا کورد بە ئەویتر دانراوە و هاوکات لەگەڵ ئەوە وەک دوژمن پێناسەکراوە، ئەو شەیتان سازییە بۆتە هۆی ئەوەی بێ مافی و سەرکوت لە کوردستان پێکەوە سەرهەڵدەن. کە وایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەم ماف پێشێل دەکرێت و هەمیش هەوڵدەدرێ جێگۆرکێ بە ژیان و جیهان بینی کوردی بکرێت و ژیان و جیهان بینی مرۆڤی کورد بەتاڵ بکرێتەوە، لەباتی ئەو ژیان و جیهانبینیە، وەلی فەقێ لە ئێستادا و «ئێران زەمین» لە ڕابردوودا جێگرەوەی بێت، هەر بەو پێیەش خەباتی شار گەورەترین پشکی لە ڕەهەندی خۆراگری دەکەوێتە ئەستۆ، چون ڕێگرە لە بەتاڵ کردنی تاکی کورد لە فکر و جیهانبینی کوردی.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک بۆ خەباتی شار دابنێین دەکرێت بڵێین: خەباتێکە کە لە گۆڕەپانی شارەکان بەشێوازی ناتوندوتیژ لەسەر بنەمای شارۆمەندی بەرپرس هەنگاو بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکوتی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی مافە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەنێت.

پاش ئەو پێناسەیە ئێمە لەگەڵ دیاردەی شارۆمەندی بەرپرس بەرڕوو دەبینەوە، لێرە پێویستە باسێک ڕوون بکەینەوە، ئەوەیش بابەتی شارۆمەندی بەرپرسە لە خەباتی شاخدا. ئەو تاکەی بەشدارەلە خەبات، وەک شۆڕشگێر دەناسرێ. لەخەباتی شاخدا پێناسەیەک گشتیی بۆ شۆڕشگێری کراوە، بەڵام ئەوەی کە دەکرێت بە وردی لەسەری بڵێین ئەوەیە کە شۆڕشگێر مرۆڤێکە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی و چارەنووسی نەتەوەکەی ڕادەپەڕێت و جوغرافیای شاخ وەک جوغرافیایەکی «بەیدەست» یان «سڵ» بۆ ژیان و چالاکی هەڵدەبژێرێ، هەروەها شۆڕشگێر شێوازی خەباتەکەی پتر چەکدارییە و ئەو جار شۆڕشگێر بە شێوەی تەواو کات لە خەباتدا بەشدارە!

لە پێناسەی شارۆمەندی بەرپرس دەکرێت بڵێین، شارۆمەندی بەرپرس،تاکێکە کە بەرانبەر بە چارەنوسی نەتەوەکەی هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و لە پێناو ئەو بەرپرسیارێتییەدا هەنگاو بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا هەڵدەهێنێتەوە، (ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان شۆڕشگێر و شارۆمەندی بەرپرسە)، بەرپرسیارێتیەکەی پێکهاتووە لە دوو ڕەهەندی فکری ـ ئەخلاقی،بەو مانایە کە شارۆمەندێک لەسەر بنەمای باوەر بە مافی کۆ و تاکی کورد بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا ئەخلاقەن خۆی بە بەرپرس دەزانێ و لەپێناو ئەو بەرپرسیارێتیەشدا، هەنگاو هەڵدەنێتەوە، ئەو شێوە خەباتە خەباتێکی پیشەیی نییە، بەڵکوو هەنگاوگەلێکە کە لە بەستێنی جیاواز و قۆناغی جیاواز تاکەکان بۆ ئامانجێکی ڕوون هەنگاوی بۆ دەنێن.

کە وایە شارۆمەندی بەرپرس گوتارتەوەر بەو مانایە کە ئەوەی کۆی جووڵەی شارۆمەندی بەرپرس وەک ئەکتەری نێو خەباتی شار دیاری دەکات، گوتارەکەیەتی! خۆی لە خۆیدا شارۆمەندی بەرپرس هیچ هەنگاوێک نانێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی گوتارەکەی هاودژ بێت.

> **لە ڕووی ڕێکخستنەوە خەباتی شار لە ڕاستییدا بە تەواوەتی خەباتێکی ڕێکخراوە تەوەر نییە، بەڵکوو زۆرتر گوتارتەوەرە بەو مانایە کە لە دەوری گوتارێکی تایبەت بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی ڕێک دەخات**



هاوکات لەگەڵ ئەوە، شارۆمەندی بەرپرس خەباتگێرێکی پیشـەیی نییە، بەو مانایە کە بەشێوەی تەواو وەخت چالاکی بکات، بەڵکوو تاکێکی کۆمەڵگایە کە بە هەڵوێست وکردەوە و دژکـردەوە و ڕووانیـن لـە ڕووداوەکانی دەوروپشـتی بـە قازانجـی بەرژەوەنـدی گوتارەکـەی کارتێکـەری دەخاتـە سـەر ڕووداوەکان یان ڕووداو خوڵقێنە، بەمانایەکی سادە شـارۆمەندی بەرپرس هەم کردەوەیە هەم دژکردەوە، هەم خۆی ڕووداو خوڵقێنە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی دابین بەکات، هەم ڕووداوەکان بـەو پێیە دەخوێنێتەوە کە زیاتر بەرژەوەندی دابین بکات.

ئێسـتا لێـرەدا بۆمـان ڕوون بـۆوە کە شـارۆمەندی بەرپرس لە خەباتی شار هەمان تاکی شۆرشگیرە لە خەباتی شاخ، بە هێندێ جیاوازییەوە.

ئـەوەی لێرەدا گرینگە دوو بابەتە یەکەم: شارۆمەندی بەرپرس و شۆرشگێر دژ بەیەک نیـن و هەر دووکیان لە یـەک چوارچێوەدا چالاکی دەکەن و تەواوکەری یەکترن.

**دووهەم:**

تاکێکـی کۆمەڵگای کوردسـتان دەتوانێ لە نێوان دوو شوێنگەی(پۆزیسیۆن) شارۆمەندی بەرپرس و شۆرشگێڕدا جێگۆرکێ بکات.

کۆتایی ئەو باسـە ئەوەیە کە شـارۆمەندی بەرپـرس چون گوتارتـەوەر و چون لە قۆناغی جیاوازدا هەنگاوی جیاواز هەڵدەنێتەوە، بێ گومان پێویستە شـارۆمەندێکی بارگاویکراویش بێت، دەنا ناتوانێ لەنێوان چالاکی و بەژروەندییەکانی گوتارەکـەی هاوپەیوەندی سـاز بکات. کەوایە لە خەباتی شـار دا بە پێی دۆخی ئێسـتا کە خەباتەکە لە ژێر هەڕەشەی دەسەڵاتدارییەکی توتالیتێر دایە، گوتار و شـارۆمەندی بەرپرسی بارگاویکـراو ڕۆلی سـەرەکیان هەیە و ئەو دوو کۆڵەکەیە لە راستییدا چوارچێوەی خەباتی شار دیاری دەکەن.